# تیرۆری فیکری درێژەی هەیە؟

کاوە حمدامین/سلێمانی

پڕ بە پێسترین لەقەب لە کەسێك نرابێت ، خەسڵەتی تیرۆرە کە بە حەمەسەعید حەسەن دراوە ، کاتێك گوترا ئیرهابی فیکرییە بەڕاستی چەند دەروانمە ئەم زاراوە تازەیە تەواو بۆ ئەو نووسەرە دەبێت ، لە راستیشدا تیرۆر جۆری هەیە ، رەنگە ئێستا ئەوە باوە و لەبەر چاومانە کە "قاعیدی" دڕندە دەیکات بە کوشتن و لە ناوبردنی مرۆڤ بە کۆمەڵ ، بەڵام تیرۆر وەکو ووشە مانایەکی بەربڵاوی هەیە و تەنها پەیوەست نی‌یە بە لە ناوبردنی تاك ((کە ئەوەیان تیرۆری جەستەیە)) ، بەڵام تیرۆری فیکری ، تیرۆری کۆمەڵایەتی ، تیرۆری مەعنەویش رۆژانە لە ناو ژیانی کۆمەڵدا دووبارە دەبێتەوە بە گشتیش هەر شتێك بەشێوەیەکی ناڕەوا ((و بێ ئەوەی رێگای بەرامبەر بدات بەرەنگاری بێت یان ئەو دۆخەی بۆ نەڕەخسێنێت بە ئازادانە بەرگری لە خۆی بکات)) ، ئازار بدات تیرۆرە.

با زۆر لە کرۆکی بابەتەکە دوورنەکەومەوە ، دەمەوێت باس لەو ئیرهابیە فیکرییە بکەم ، حەمەسەعید حەسەن کە بە بەرنامە رێژی هەر جارەی تیرۆری نووسەرێك یان شاعیرێك یان کەسایەتیەك دەکات ، ئەمە ئەوە دەگەینێت دەبێت لایەنێك لە پشتیەوە هەبێت و بۆ ئامانجێك پاڵی پێوەبنێت بۆ ئەنجام دانی ئەو کردەوانە ، حەمەسەعید حەسەن کە توندترین نووسەری جنێو فرۆشە بە کوردی بنووسێت زۆر دڕندانە هێرشی تیرۆرستانە دەخاتە سەر کەس و لایەنە سیاسیەکان گەر کەمێکیش ئاوڕ لە رەوتی کاری ئەو نووسەرە بدەینەوە دەبینین ، پێغەمبەری موسڵمانانیش "د.خ" لە پەلاماردانی بێ بەش نەبووە هەروەك لە یەکێك لە شیعرەکانی ساتیردا (پێی هەڵدەستێت) ، ئینجا زۆربەی سەرکردەی حزبە سیاسیە نیشتمانیەکانی کوردستانی بەسەرکردۆتەوە ، بە ئەندامانی سەرکردایەتیەوە ، ئینجا شاعیر و نووسەرە گەورەکانی کورد وەك شێرکۆی بێکەس ، رەفیق صابر ، کەمال میراودەلی پاشان بە نووسەر و ئەدیب و کەسایەتیە سیاسیەکان نەپارێزراون لە هێرشی تیرۆرستانەی حەمەسەعید. یەکێك لە خەسڵەتەکانی حەمەسەعیدی تیرۆرست ئەوەیە کە ئەوانەی دۆستین ئەگەر شەیتانیش بن ئەوا پارێزراون لە لێشاوی تیرۆری ئەو ، کەواتە بەپێی ئەم خالانە ماکی تیرۆرستی روونەبێتەوە .(١) لە رووی ئەوەی کە پەلامارەکەی فراوانە و زۆر کەس و چینەکان دەگرێتەوە ، (٢) لە رووی ئەوەی کەسەکان بە بەرنامە رێژی هەڵدەبژێرێت ، (٣) ئەوانەی کە پشتگیری دەکەن ئەگەر هەموو گیانیان کەم و کورتیش بێت بەر رەخنە و تیرۆری ناکەون ، (٤) شارەزایانە و وورییایانە راستیەکان ئاوەژوودەکات.

ئەمانە هەموو خالی بابەتین کە دەیسەلمێنن رەوتێك بەکاردەهێنێت کە تیرۆرە ، کە لەیەك چوونی تەواو هەیە لە شێوازی کاری جۆری تری تیرۆر.

بۆ نموونە درۆ زۆر بە بەرنامە دروستدەکات و کەش و هەوایەکی لەباری بۆ دروستدەکات کە تا خوێنەر بڕوای پێ بکات دروست وەکو ((غسل دماغ)) کەی کە تیرۆرستەکان دەیکەن چۆن تیرۆرستە ئیسلامیەکان زۆربەیان لە ژێر پەردەی دینەوە مەی خۆر و مەستی شەوانی سورن بەڵام لەسەرەوە نوێژیان ناچێت و کلیلی بەهەشتیان لە چنگایە ، ئەمیش لە کاتێکدا خۆی خزمەتکاری دوژمنانە کەچی لە هیچ پارتێکی کوردستانی رازی نی‌یە و بە خائینیان دەزانێ.

تیرۆرستەکان پەلاماری بڕبڕەی پشتی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەدەن کە یەکەی کارگێڕی و هێزی ناوخۆییە ، حەمەسەعید حەسەن دژی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستانە و سوکایەتیان پێدەکات ((وەك لە نووسینەکانی خۆیدا بەڕوونی دیارن)).

www.kurdistannet.org